دیوان5

جاران شارێکی وەکو هەڵەبجە

یەک دزی تیابو

تەنیا ئەول بو، جارێ یادوجار

پێی هەڵخزابو

ئێستا هەرپارتێ لەوەرگەیەکەو

جمەیدێ لەدز

هەزار درود بۆ: باب و باپیری

بابای کفن دز

❊

ئەگەر، پاکژی،یەکتۆز بەئابڕوی

ئەگەر،نەبەردی

خوت نەدۆڕێنی

نەبی بەکەڕەی ناو پارتی کوردی

کە بوی،بۆ ئەوان ئەبی بەکۆیلەو

ئەبێ سەرکزبی

دیلی دەم بەسراو، نۆکەری داماو

یاپەیژەی دزبی

❊

**ئەی ئابڕومەندان:**

**ئەم ژینە کورتە، ئەوەناهێنێ**

**مرۆڤ بۆ دراو، یا کورسیی شکاو**

**خۆی بدۆڕێنێ**

**--------------**